ڕێنمایی ڕێکاری قوتابی لە دامودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

بە گوێرەی حوکمی برگەی (1) لە ماددەی چل و پێنج لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان- عیراق ژمارە (10) لە ساڵی 2008. بڕیاری ژمارە (2) ساڵی 2009 لە ڕێنماییەکانی ڕێکاری قوتابیانی/خوێندکارانی خوێندنی باڵا.

❖ بەندی یەکەم: پێویستە لەسەر قوتابیەک/خوێندکارێک ئەم ئەرکانە جێ بەجێ بکات:

- پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان وهەموو ئەو بڕیارانەی کە زانکۆ یان کۆلێژ دەریان دەکات.
- سوکایەتی نەکردن بە ڕێزی زانکۆ و کۆلێژ، نە بە کردار و نە بەگوفتار، نە لە ناوەوە و نە لە دەرەوەی زانکۆ.
- دووركەوتنەوە لە هەموو هەڵسوکەوتێک کە دوور بێت لە ڕەوشتی زانکۆیی و ڕێزگرتنی تەواو لە بەڕێوەبەرایەتی و دەستەی وانەووتنەوە و فەرمانبەران، وە پەیوەندی دۆستانە وبوونی هاوکاری کردنی تەواو لەنێوان قوتابیان/خوێندکاراندا پاراستنی هێمنی و ئارامی لەناو کۆلێژ و زانکۆدا.
- پارێزگاری کردن لە پێداویستیەکانی خوێندن وهەموو کەل و پەلەکانی ناو زانکۆ و کۆلێژ.
- نەشێواندنی ڕەوتی خوێندن دووركەوتنەوە لە هەر بێ ڕێزیەک بەرامبەر بیروباوەڕە ئاینیەکان و هەستی نەتەوایەتی.

❖ بەندی دووەم: قوتابی/خوێندکار سزای وریاکردنەوە (تنبیە) دەدرێت ئەگەر هەر سەرپێچیەکی لەمانەی لای خوارەوەی ئەنجامدا:

- پابەند نەبوون بەو یاسا و ڕێنمایی و بڕیارانەی کەلەلایەن زانکۆ و کۆلێژەوە دەردەچێت.
- بێ ڕێزی کردن بەرامبەر پەیوەندی دۆستانەی نێوان قوتابیان/خوێندکاران.

❖ بەندی سێیەم: قوتابی/خوێندکار سزای ئاگادار کردنەوەی بۆ دەردەچێت، ئەگەر هەر سەرپێچیەکی لەمانەی لای خوارەوەی ئەنجامدا:

- ئەگەر سزای وریا کردنەوە (تنبیە) کرابوو وەئەم سزایە نەکێشرایەوە و هەڵنەوەشایەوەوبۆ جاری دووەم کارێکی شایان بە وریا کردنەوەی دووبارەکردەوە.
- ئەگەر ئارامی و ئاسایشی ناو کۆلێژ یان زانکۆی شێواند.
- ئەگەر بەگوفتار بەرامبەر بەیەکێک لە قوتابیان/ خوێندکاران زیادە ڕەوی کرد

❖ بەندی چوارەم: قوتابی/خوێندکار سزای سەرزەنشتکردن (توبیخ) دەکرێت، ئەگەر هەر سەرپێچیەکی لەمانەی لای خوارەوەی ئەنجامدا:

- ئەگەر پێشتر سزای ئاگادار کردنەوە درابوو وەئەم سزایە نەکێشرایەوە و هەڵنەوەشایەوەو بۆ جاری دووەم کارێکی شایان بە ئاگادار کردنەوە ی دووبارەکردەوە.
- ئەگەر بەگوفتار بەرامبەر بەیەکێک لەکارمەندانی زانکۆ یان کۆلێژ جگە لە دەستەی وانەبێژان و قوتابیان/خوێندکاران زیادە ڕەوی کرد.

❖ بەندی پێنجەم: قوتابی/خوێندکار سزای دوورخستنەوەی کاتی لە زانکۆ یان کۆلێژ دەدرێت، بۆ ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لەیەک ساڵی خوێندن، ئەگەر هەر سەرپێچیەکی لەمانەی لای خوارەوەی ئەنجامدا:

- قوتابی/خوێندکار دوو سزای سەرزەنشتکردنی هەبوو هیچیان نەکێشرابونەوەو هەڵنەوەشابونەوە، و کارێکی تری کرد شایان بە سەرزەنشتکردن بوو.
- بەکردار هێرشی کردە سەر یەکێک لە کارمەندانی زانکۆ جگە لە مامۆستایان و ئەندامانی دەستەی وانەبێژان.
- کردەوەی تووندوتیژی بەرامبەر بە یەکێک لە قوتابیان/خوێندکاران کرد.
- هەر جۆرە چەکێکی بە مۆڵەت یان بێ مۆڵەت لەناو سنووری زانکۆ یان کۆڵێژدا هەڵگرت.
- زیانی بە کەل وپەلەکانی ناو زانکۆ یان کۆڵێژ گەیاند بە مەبەست یان لەئەنجامی پشت گوێ خستن بێت.
- بێ ڕێزی بەرامبەر بە بیرورا ئایینیەکان یان هەستە نەتەوایەتیەکان نواند.
- زیادەڕەوی کرد بەگوفتار بەرامبەر بە یەکێک لە مامۆستایان یان دەستەی وانە ووتنەوە لە زانکۆدا.
- مادەی سڕکەرو بێهۆشکەری بەکارهێنا لەناوسنووری زانکۆدا، یان بەسەرخۆشی بینرا لەناو سنووری زانکۆ یان کۆڵێژدا.
- سوکایەتی بەگوفتار یان بەکردار بەرامبەر بە زانکۆ کرد، لە ناوەوە یان لە دەرەوەی زانکۆدا.
- ڕەوتی ئارامی خوێندنی تێکدا وشێواندی.

❖ بەندی شەشەم: قوتابی/خوێندکار سزای دوورخستنەوەی کۆتایی لەزانکۆ دەدرێت، ئەگەر هەر سەرپێچیەکی لەمانەی لای خوارەوەی ئەنجامدا:

- دووبارەکردنەوەی یەکێک لەو کردەوانەی لە بەندی (5) دا ئاماژەی پێکراوە.
- بەکردەوە زیادەڕەوی کرد بەرامبەر بە یەکێک لە مامۆستایان، یان دەستەی وانەووتنەوە لە زانکۆدا.
- هەر کردەوەیەکی ناشرینی کرد کە پێچەوانەی بنەما ڕەوشتیەکان بێت.
- دادگا بڕیاری تاوانباریی بەسەردا دا بەتاوانێک کەشەرەفی لەکەدار بکات.
- ماددەی سڕکەرو بێهۆشکەری بەکار هێنا لەناو زانکۆدا.

❖ بەندی حەوتەم:

- سزادانی قوتابی/خوێندکاری سەرپێچیکەر بەپێی بەندەکانی (2،3،4،5،6) ی ئەم ڕێنماییانە، ڕێگە ناگرێت لەسەپاندنی هەر سزایەکی تر بەپێی (یاسای سزادان) ئەگەر ئەو کردارەی سزای خۆی هەبوو لەیاسا سزاییەکاندا.
- ئەگەر داوای سزادان (الدعوى الجزائیه) لە دژی قوتابی/خوێندکار بەرزکرایەوە لەسەر کارێک کە لە دەرەوەی زانکۆ ئەنجامی دابوو، ئەوا بڕیاری سزای زانکۆیی دوا دەخرێت تا تەواو بوونی لێکۆڵینەوەو بڕیاری داوا سزاییەکەی.

❖ بەندی هەشتەم:

ڕاگری کۆڵێژ یان پەیمانگا لێژنەیەکی ڕێکاری قوتابیان/خوێندکاران پێک دەهێنێت بە سەرۆکایەتی یاریدەدەری ڕاگر یان یەکێک لە مامۆستایان وئەندامێتی سێ مامۆستای ترو وە نوێنەرێک لە قوتابیان/خوێندکاران کەلەلایەن پۆلی یەکەمەوە بۆماوەی یەک ساڵ بۆ ئەو پۆستە کاندید دەکرێت.

❖ بەندی نۆیەم:

لەکاتی ڕووداوی هەرکارێک کە لەبەندی (6،5) دا هاتبێت، لێژنەی ڕێکاری قوتابیان/خوێندکاران لێکۆڵینەوەی تەواو لەڕوداوەکە دەکات و ڕاسپاردەی خۆی لەمەڕ سزای گونجاو بەرزدەکاتەوە بۆ ڕاگر.

❖ بەندی دەیەم:

هەر قوتابیەک/خوێندکارێک بڕیاری دوورخستنەوەی درا لە خوێندن لە ماوەی مانگێکەوە تا ساڵێک بۆی هەیە تانە لە بڕیاری دوورخستنەوەکەی بدات لە بەردەم سەرۆکی زانکۆ لە ماوەی (15) ڕۆژ لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەی بە بڕیاری دوورخستنەوەکە، یان لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە لە تابلۆی ئاگادارکردنەوەی لە کۆلێژ ئەگەر نەتوانرا ئاگادار بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر بڕیاری دوورخستنەوەکەی کۆتایی بوو بۆی هەیە تانە لەو بڕیارە بدات لەبەردەم ئەنجوومەنی زانکۆ. وپێویستە لەسەر ئەنجومەن و سەرۆکی زانکۆ هەریەکەیان بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێیان دراوە، بڕیاری یەک لاکەرەوە بدەن لە ماوەی (15) ڕۆژدا لە ڕۆژی بەرزکردنەوەی داواکەوە و بڕیارەکەشیان کۆتایی دەبێت.

❖ بەندی یازدە:

بڕیاری سزا کە بڵاودەکرێتەوە لە تابلۆی ئاگادارکردنەوەی کۆلێژدا بۆ ماوەیەک کە لەیەک هەفتە کەمتر نەبێت، وەبەنوسراو بەخێوکەری قوتابی/خوێندکار ئاگادارەدەکرێتەوە و قوتابی/خوێندکار بانگهێشت دەکرێت بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی هۆکاری سزاکە.

❖ بەندی دوانزە(تایبەت بە زانکۆی سۆران): ڕێنمایی تایبەت بە تاقیکردنەوەکان:

- هەر قوتابییەک لە تاقیکردنەوەی ڕۆژانە (کویز)، مانگانە (میدتێرم)، کۆتایی (فاینەڵ) گزی بکات یان هەوڵی گزیکردن بدات، ئەوا لە سمستەرێکی خوێندن بە کەوتوو هەژمار دەکرێت، واتە سەرجەم نمرەی کۆشش و تاقیکردنەوەی کۆتایی لە سەرجەم وانەکانی ئەو سمستەری بە سفر هەژمار دەکرێت و قوتابی دەبێت دووبارە سەرجەم وانەکانی ئەو سمستەرە وەربگرێتەوە، لە ئەگەری دووبارە کردنەوەی، قوتابی سڕینەوەی ناوی بۆ دەردەکرێت، واتە بە یەکجاری لە زانکۆ دەردەکرێت.
- ئەم ڕێنماییە سەرجەم چالاکییەکان دەگرێتەوە، واتە کەسێک خۆی ئەرکەکانی (سیمنار، ئەرکی ڕۆژانە، ڕاپۆرت، پرۆژە... هید نەکات، کەسێکی تر بۆی ئەنجام بدات یاخود بیکڕێت، ئەو بە گزی هەژمار دەکرێت.
- هەروەها ئەگەر قوتابی لە تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانە (کویز)، مانگانە (میدتێرم)، کۆتایی (فاینەڵ)، لەسەر تەختە بنوسێت، لە ئەندامەکانی لەشی شت بنوسێت، مۆبایل، هێدفۆن، کاتژمێری زیرەک یان هەر شتێکی تر بە مەبەستی گزی بەکاری بهێنیت، یاخود لە کاتی تاقیکردنەوە هەوڵی زانیاری وەرگرتن و زانیاری پیدان بێت، ئەوا کارەکەی بە گزی هەژمار دەکرێت